**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان**

## بابەت: یاداشتنامەی ناڕەزایی

چەند ڕۆژێکە بێزاریی و ناڕەزایی خەڵکی کوردستان ، لـە بەرامبەر کەمیی کارەبا و گرانیی سوتەمەنیی و چوونەسەری نرخی بازاڕ و بێدەربەستیی حکومەتدا ، پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە. زۆربەی شار و شارۆچکەکان خۆپێشاندانی تێدا بەرپابووە و بەگشتییش خەڵك سەرگەرمی خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردنن بۆ هاتنە مەیدانی سەراسەریی و ئیتر خەڵك بەو باوەڕە گەیشتووە کە چیتر بەوە ڕازیی نەبێت کوردستان بۆ هەندێك بەهەشتی ڕازاوە و بۆ هەندێکیش پڕ بێت لـە بێمافیی! بۆ ئەو مەبەستەش دەنگی بە کۆمەڵیان هەڵبڕیوە.

لـە بەرامبەردا هێزەکانی ناوخۆ ، وەك ئەوەی لـە بەرامبەر دوژمنی سەرسەختی خۆیاندا وەستابن! ! تەواوی ئەو خۆپێشاندانانەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەیان کەسیان پێکاوە کە بە داخەوە هەندێکیان شەهید بوون و سەدان کەسیش ئاخنراونەتە ناو زیندانەکان و شەوانە هەڵکوتانە سەرماڵان و ڕەشبگیر پەرەی گرتووە بۆ پێشگرتن بە هاتنەمەیدانی خەڵك و بە جۆرێك ئیستفزازی خۆپێشاندەران کراوە کە هەموو خۆپێشاندانەکان بەرەو توندوتیژیی ملی ناوە! سەرەڕای هەموو ئەوانەش حکومەت و لایەنە پەیوەندداەرەکان هیچ وەڵامێکیان بە داخوازییەکانی خەڵك نەداوەتەوە و بێدەنگییان هەڵبژاردووە!

هەڵبەت ئەوە پێویستی بە باسکردن و ڕۆشنکردنەوە نیە کە خەڵك داوای مافێکی زۆر سەرەتایی خۆی دەکات و چاوپۆشیی زۆریشی کردووە کە ماوەی 15ساڵە ئەو مافە زۆر سەرەتاییانەی بۆ دابین نەکراوە. لـە ماوەی ئەو 15 ساڵەدا پاساوی زۆر و جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو بۆ داپۆشینی کەموکوڕیی و کەمترخەمییەکان! ئێستا ئیتر هیچ کام لەو پاساوانە قبوڵناکرێت و خەڵك دەیەوێت لانی کەمی خواستەکانی بەدیبێت و لەژێر باری قورسی دەیان ساڵەدا بێتەدەر و پشوویەك بدات ، بەڵام بە پێچەوانەوە! ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ژیانی خەڵك ڕوو لـە سەختیی زیادتر دەکات و حکومەت زیادتر بێتواناییەکانی خۆی لـە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیانی خەڵکدا نیشاندەدات و بۆ قەرەبووی ئەو بێتواناییەش هێزەکانی ناوخۆ بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك دەدەنەوە و تەنیا لـە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوودا کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لـە تەقەلێکردن و خوێنڕشتن و زیندانییکردنی خۆپێشاندەراندا! ! ! تەنانەت بە پێوانە لـە گەڵ وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەشدا! .

ئێمە نیگەرانیی و ناڕەزاییی خۆمان لەو بارودۆخە بە توندیی دەردەبڕین و پێمانوایە بە لاڕێدابردنی خۆپێشاندانەکان بەرەو تێکدان و شکاندن لـە گرنگیی خەباتی جەماوەریی کەمدەکاتەوە و بێوەڵامیی حکومەت لـە بەرامبەر

داخوازییەکانی خەڵك ، هەروەها سەرکوتکردنی خۆپێشاندانی خەڵك لە لایەن هێزەکانی ناوخۆوە ، بارودۆخەکە بەرەو ئاقارێکی تر دەبات و دوور نیە شێوازێکی هاوشێوەی مامەڵە توندوتیژەکانی ئاساییش بەخۆوە بگرێت!

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامان کردووە ، داخوازییەکانی خەڵك بە تەواویی بەڕەوا دەزانین و بەو هۆیەشەوە بە تەواویی لەگەڵیداین و هاوشانی جەماوەری خەڵك بۆ بەدیهێنانیان تێدەکۆشین و لە حاڵی بەدینەهاتنیاندا لە شێوازی خەباتکارانەی جۆراوجۆر کەڵك وەردەگرین.

بۆیە داواکارین:

دەستبەجێ گیراوەکان ئازادبکرێن و ئەوانەی تەقەیان لە خەڵك کردووە ، بدرێن بە دادگا و بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست دادگایی بکرێن و یاسایەکیش دابڕێژرێت بۆ قەدەغەکردنی تەقەکردن لە خەڵك.

هەروەها حکومەت وەڵامێکی شیاو بە داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە ، خەڵك بە خاوەن ماف و خۆی بە مەسئول بزانێت لە دابینکردنی ئەو مافانەدا.

بۆ کۆتاییهێنان بەو گەندەڵییەی کە بڕستی لەم کۆمەڵگایە بڕیوە و خۆی بووەتە هۆکارێکی جددیی لە بێمافیی خەڵکدا ، لە تەواوی دامودەزگاکانی پەیوەنددار بە ژیانی خەڵکەوە بەرپرس و کاربەدەستەکان بە هەڵبژاردن دیارییبکرێن.

لەگەڵ ڕێزدا

ئیمزاکان:

**1 ـ دەستەی داکۆکیی لە داخوازییەکانی خەڵك**

**2 ـ پارتی چەپی کوردستان**

**3 ـ یەکێتی کومۆنیستەکان لە عێراق**

**4 ـ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**5 ـ کۆمەڵێك لە نابینانی کوردستان**

**6 ـ کۆنگرەی ڕێفراندۆم**

**7 ـ ڕۆژنامەی واژام**

**8 ـ کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق**